# كاريگەريي ستراتيژي پرسيارەكاني كارت لەسەر دەستكەوتي بابەتي خوێندنەوەي كورديي نوێ لاي قوتابياني پۆلي چوارەمي ئامادەيي

سەلوان منعم حەسەن زەوبەعي
أ.م.د.سەباح جەليل خەليل
Sabah.jalil@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
كۆلێژي پەروەردەي ئيبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤايەتييەكان

**پوختەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەی ئێستا بۆ زانینی "کاریگەری ستراتیژی پرسیاری کارتەکانە لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ لای قوتابییانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی" توێژەر پشتی بە نەخشەی ئەزموونی بۆ هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بەستووە، لە نەخشەی کۆنترۆڵکردنی بەشەکی تاقیکردنەوەی کۆتاییە بۆ دەستکەوتی خوێندن.

توێژەر توێژینەوەکەی لەسەر نموونەی قوتابییانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە ئامادەیی (ئەبی غریب بۆ کوڕان) جێبەجێکردوە، کە پێکهاتووە لە (60) قوتابی، بە ڕێگای هەڕەمەکی سادە توێژەر هۆبەی (ب) هەڵبژاردووە بۆ نواندنی کۆمەڵەی ئەزموونی ژمارەی گەیشتووە بە (30) قوتابی، هۆبەی (ئـ) کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو دەنوێنێت، ژمارەیان لە (30) قوتابی پێکهاتبوو، توێژەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی ئامادەکردووە، لە (30) بڕگە لە جۆری تاقیکردنەوە لە فرە وەڵام پێکهاتووە، دوای دانانی نمرەکان و شیکارکردنیان و چارەسەرکردنی ئاماری، بەو ئەنجامەی خوراوە گەیشتووە: سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێییان بەپێی ستراتیژی پرسیاری کارتەکان خوێندووە، بەسەر قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتییان بە ڕێگای ئاسایی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی خوێندووە،

* **توێژە چەند ڕاسپاردەیەکی کردووە، لەوانە:** - جەختکردنە سەر وشیاری مامۆستایانی بابەتی زمانی کوردی و هاندانیان لەسەر بەکارهێنانی ستراتیژی پرسیاری کارتەکان و گرنگی لە گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابییان.

کوردی و مەیلییان.

**کلیلی وشەکان: ستراتیژی، پرسیارەکانی کارت، دەستکەوت، کاریگەریی**

# أثر استراتيجية اسئلة البطاقات في تحصيل مادة القراءة الكردية الحديثة عند طلاب الصف الرابع الاعدادي

سلوان منعم حسن زوبعي
أ.م.د. صباح جليل خليل
Sabah.jalil@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
جامعة بغداد ، كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية

**ملخص البحث:**

هدفت البحث الحالي إلى معرفة "أثر استراتيجية اسئلة البطاقات في تحصيل مادة القراءة الكردية الحديثة عند طلاب الصف الرابع الاعدادي."

ولتحقيق هدف البحث اعتمد الباحث التصميم التجريبي للمجموعتين التجريبية والضابطة وهو من التصاميم ذات الضبط الجزئي ذوات الاختبار البعدي للتحصيل الدراسي.

طبق الباحث تجربته على عينة من طلاب الصف الرابع الاعدادي في إعدادية (ابي غريب للبنين) من بين المدارس النهارية التابعة لمديرية تربية بغداد /الكرخ الاولى, اختارها قصدياً إذ تكونت من (60)طالبا, وبالطريقة العشوائية البسيطة اختار الباحث الشعبة (ب)لتمثل المجموعة التجريبية البالغ عدد طلابها (30)طالباً وشعبة (أ)لتمثل المجموعة الضابطة البالغ عدد طلابها (30)طالباً, كافأ الباحث بين مجموعتي البحث التجريبية والضابطة بعدد من المتغيرات.

أعد الباحث اختباراً تحصيلياً بعدياً تكون من (30) فقره من نوع الاختيار من متعدد تأكد من صدقه وثباته, طبقة في نهاية التجربة, وبعد تحليل البيانات احصائيا تبين تفوق طلاب المجموعة التجريبية الذين درسوا مادة القراءة الكردية الحديثة على وفق استراتيجية أسئلة البطاقات على طلاب المجموعة الضابطة الذين درسوا المادة نفسها بالطريقة الاعتيادية في الاختبار التحصيلي البعدي. وفي ضوء نتيجة البحث أوصى **الباحث بالآتي :-**

- التأكيد على توعية مدرسي ومدرسات مادة اللغة الكردية وتشجيعهم على استعمال استراتيجية اسئلة البطاقات وأهميتها في تنمية ورفع مستويات الطلبة التحصيلية..

**الكلمات المفتاحية: استراتيجية ، أسئلة البطاقات ،القراءة الكردية ، التحصيل، الأثر**

# The effect of card question strategy on the achievement of new Kurdish reading subjects among fourth grade high school students

Salwan Maneem Hassan
**Asst. Prof. Sabah Jalil Khalil (Ph.D)**
Sabah.jalil@ircoedu.uobaghdad.edu.iq

**Ibn Rushd College of Education for the Humanities,University of Baghdad**

**Abstract**

The current research aimed to find out "the effect of the card question strategy on the acquisition of modern Kurdish reading subject among fourth grade middle school students".

The researcher applied his experiment to a sample of fourth-grade students in Abu Ghraib Preparatory School for Boys from among the day schools affiliated with the Baghdad/Al-Karkh 1st Education Directorate. He chose it intentionally as it consisted of (60) students, and in a simple random way the researcher chose Division (B) to represent the experimental group. The number of its students is (30)

students and Class A is to represent the control group, which has a number of (30) students.

The researcher used the following statistical methods: the t-test for two independent samples, the Ca2 test, the Pearson correlation coefficient, the paragraph discrimination factor, the paragraph difficulty factor, the effectiveness of false alternatives, and the Spearman-Brown equation.

After monitoring, analyzing and processing the scores statistically, the result resulted in the following:

The students of the experimental group who studied the modern Kurdish reading subject according to the card question strategy outperformed the students of the control.

**Key word: Strategies, card question , achievement, Kurdish reading subjects.**

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە:

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

فێربوونی هەر زمانێك بۆ ئەوانەی قسەی پێ ناکەن، بێگومان ڕووبەڕووی هەندێك کێشە و ئاستەنگ دەبنەوە، زمانی کوردی لە بنەماوە زمانی دووەمە، یەکێکە لەو زمانانەی قوتابییان و مامۆستایانی و دانەرانی پرۆگرامەکانی ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگ و کێشە دەبنەوە.

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەو کێشە و ئاستەنگیانە, توێژەر سەردانی ژمارەك قوتابخانەی ئامادەیی و دواناوەندی بەیانیانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرخی یەکەمی لە پارێزگای بەغدا کرد، چاوی بە ژمارەیەك مامۆستای بابەتەکە کەوت، پرسیاری سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئاستی دەستکەوتی قوتابییان لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ کرد، لە ڕێگای پێشکەشکردنی فۆڕمی تایبەت، کە ژماریەك پرسیاری کراوەی لەخۆگرتبوو، دوای کۆکردنەوەی وەڵامەکان، ئەنجامەکە بەم شێوەیە بوو:

1- 85% مامۆستایانی بابەتی زمانی کوردی ڕێگای ئاسایی لە وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی بەکاردەهێنن.

2- 80% مامۆستایانی بابەتەکە مەعریفە یان زانیاری تایبەت بە ستراتیژە نوێیەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە کاتی وتنەوەی بابەتەکەدا نییە .

3- 75% مامۆستایان جەختیان لەسەر دەگمەنی خولەکان کردووە.

4- 50% جەختیان لەسەر بەشە وانەی تایبەتکراو بە وتنەوەی بابەتی خویندنەوەی کوردی نوێ کە بەپێی پێویست نییە.

لەگەڵ ئەو هەوڵ و کۆششە زۆرەی پسپۆڕان لەو بوارەدا دەیدەن، هەروەها ئەوانەی وانەی زمانی کوردی دەڵێنەوە، بەڵام کێشەی و نیگەرانیەکانی قوتابییان تاکو ئەمڕۆ بەردەوامە، وێنەی کێشەی و نیگەرانییەکان بە ڕوونی لە لاوازیان و توانای سنوداریان لە ڕێنوس و خوێندنەوە و لاوازی جێبەجێکردنی سیستەمی زمانەوانی و دەنگی زمانی کوردی دیارە، هەروەها بە روونی تێبینی لاوازی

توانایان لەسەر پەیوەندی و ئاخاوتنیان لە بەرکاهێنانی ئەم زمانە دەکرێت (احمد، 2002، ل. 3 ) (Ahmed,2002,p.3)

چەندین توێژینەوەی مەیدانی هەیە کە جەختییان لە لاوازی و دابزینی ئاستی دەستکەوتی خوێنکاران لە بابەتی زماني كوردي لە قۆناغی ئامادەیی کردووە، لەوانە، توێژینەوەی (علي, 2019)(Ali,2019) توێژینەوەی (عبيد, 2020 )(Obaid,2020) (الزركوشي, 2021) (Al-Zarkoushi,2021)

توێژینەوەی (أحمد, 2021) (Ahmed,2021)توێژینەوەی (ئەلکلابی, 2022)(2022 , Al- ) Kalabi

لەسەر بنەمای ئەوەی خستمانەڕوو، دەتوانین کێشەی توێژینەوەی ئێستا بەو پرسیارە دابڕێژین:

**ئایا بەکارهێنانی ستراتیژی پرسیارەکانی کارت کاریگەری لە دەستکەوتی بابەتی خویندنەوەی کوردی نوێ لای قوتابییانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی هەیە، بەراورد بە ڕێگای ئاسایی؟**

**<u>دووەم: گرنگی توێژینەوە:</u>**

**1** - گرنگی زمان، لەبەرئەوەی پێوەری پەرسەندنی گەلان و پێشکەوتنیانە، ئامرازی فێرکردن و دەستکەوتنی ڕۆشنبیری و مەعریفەیە.

2- گرنگی خوێندنی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ، لەبەرئەوەی بابەتێکی گرنگی خوێندنە، لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردە، وادەکات قوتابییان درکی ڕابردوویان و پەی بە داهاتوویان ببەن.

3- هەوڵدان بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕێگا و شێوازە نوێییەکان بە ستراتیژی نوێ، کە پێشتر لەو بوارەدا بەکارنەهاتووە و تاقینەکراوەتەوە.

4- قۆناغی ئامادەیی گرنگی زۆری لە کۆمەڵگە هەیە، ڕۆڵی گەورە دەکەوێتە سەریان لە ئامادەکردنی بونیادی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو.

5- بەکارهێنانی ستراتیژی پرسیارەکانی کارت، وادەکات قوتابییان بە شێوەیەکی کار لە پرۆسەی فێرکردن بەشداری بکەن، هەروەها لە گیانی دوورە پەرێزی و دابڕاوی دووریان دەخاتەوە، کە ئەو قۆناغەی پێ جیادەکرێتەوە.

6- لە ئێستادا بووە بە پرسێکی پێویست وڵاتەکەمان لە کاروانی پەرەسەندنی زانستی و ڕۆشنبیری بەردەوام بێت، کە جیهان بە هەموو ئامرازێك بەحۆیەوەی بینیوە، بۆئەوەی لە پلەیەکی یەکسان لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بوەستێت.

7- بەهیوای ئەوەی توێژەر لە ئەنجامی توێژینەوەکەیدا، بەشداری لە پەرەپێدانی پرۆسەی فێرکردن لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی وتنەوەی بابەتی خویندنەوەی کوردی نوێ بکات.

**<u>سێیەم:ئامانجی توێژینەوەکە:</u>**

ئامانجی توێژینەوەی ئێستا بریتییە لە زانینی کاریگەری ستراتیژی پرسیارەکانی کارت لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوی لای قوتابییانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی.

**<u>چوارەم: گریمانەی توێژینەوەکە:</u>**

هیچ جیاوازییەکی بە بەڵگە داری ئاماری نییە لە ئاستی (0,05) لە نێوان ناوەندی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێیان بە پێی ستراتیژی پرسیاری کارتەکان خوێندووە، لەگەڵ ناوەندی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتییان بە ڕێگای ئاسایی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندووە

**پێنجەم:سنوری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەی ئێستا بەمانە دیاری دەکرێت:

1- **سنوری مرۆیی:** نموونەیەك لە قوتابییانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە قوتابخانەی ئامادەیی حکومی بەیانیان لە پارێزگای بەغدا.

2- **سنوری شوێنی:** قوتابخانە ئامادەییەکان لە ئەبو غەریب سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای بەغدا – کەرخی یەکەم.

3- **سنوری کاتی:** وەرزی خوێندنی یەکەم بۆ ساڵی خوێندنی (2022 - 2023).

4- **سنوری بابەتی:** حەوت بابەتی یەکەم لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی نوێی بڕیاردراو بۆ وتنەوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بۆ قوتابییانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی بۆ لقەکانی زانستی و وێژەیی بۆ ساڵی خوێندنی (2022 - 2023) لە عێراق.

**شەشەم:دیاریکردنی زاراوەکان:**

**یەکەم/ کاریگەری:**

- إبراهیم (2009): توانای فاکتەری بابەتی خوێندن لەسەر بەدیهێنانی ئەنجامی ئەرێنی، بەڵام ئەگەر ئەو ئەنجامە نەبوو و بەدینەهات، ئەوە فاکتەرەکە بە هۆکارە ڕاستەوخۆکان بۆ ڕوودانی لێکەوتەی نەرێنی. (ابراهیم، 2009، ل. 30)( Ibrahim, 2009,p.30 )

**پێناسەی ڕێکاری بۆ کاریگەری:**

بڕی ئەو کاریگەرییە ستراتیژی پرسیارەکانی کارت دەیکات، کە توێژەر لەگەڵ قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی لە دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ بەکاریدەهێنێت.

**دووەم: ستراتیژ:** هەریەك لەمانە پێناسەیان کردووە:

- **زایر واخرون (2012):** بریتییە لە کۆمەڵێك شێواز کە لە قوتابخانەکاندا بەکاردەهێنرێن، بەکارهێنانی ئەو هۆکار و ئامراز و شێوازانە، وادەکات قوتابی سود لە شارەزاییەکانی فێرکردنی پلان بۆ دانراو ببینێت و بگات بە ئامانجی پەروەردەیی دیاریکراو (زایر واخرون، 2012، ل. 44) (Zayer et al, 2012,p.44)

**پێناسەی ڕێکاری بۆ ستراتیژ:**

بریتییە لە کۆمەڵێك هەگاوی ڕوون و ڕێکخراوی دیاریکراوی پێشوەختە، توێژەر لە وتنەوەی بابەتی فێرکردن بە قوتابیانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی (نموونەی توێژینەوە) لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ پەیڕەویان دەکات، بە مەبەستی بەدیهانی ئامانجەکانی پەروەردەیی دیاریکراو.

**دووەم: ستراتیژی پرسیارەکانی کارت:**

- Frank (2003): ستراتیژی فێربوونە و جەخت دەکاتە سەر دابەشکردنی ڕۆڵەکان بەسەر قوتابیان، لەبەر ڕۆشنایی چوارچێوەی ئاراستەکراو بۆ شێوازی کارکردن، هەروەها ڕێبەرێکە ڕێنمایی جوڵەکان دەکات، یان هونەری بۆ بەکارهێنانی ئامرازی وێنەیی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان (Frank:54:2003).

**پێناسەی ڕێکاری بۆ ستراتیژی پرسیارەکانی کارت:**

کۆمەڵێك ڕێکار و پەیڕەوکردنە، توێژەر پەیڕەویان دەکات بۆ بەکارهێنانی لە کاتی جێبەجێکردنی وانەکە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی فێرکردن بە کارایی، بۆئەوەی وابکات پرۆسەی فێربوون زۆر ئاسان بێت، هەروەها کۆمەڵێك شێواز و هۆکار ئامراو و چالاکی و شێوازی هەڵسەنگاندن لەگەڵ کۆمەڵەی ئەزموونی لەخۆدەگریت.

**چوارەم: دەستکەوت هەریەك لەمانە پێناسەیان کردووە:**

- **العجرش (2016):** بریتییە لە" تواناى وەرگرتنی قوتابییان لەوەی فێری بوونە لە ڕووی شارەزایی و زانیاری لە بابەتی دیاریکراو، بەو نمرەیە دەپێورێت، کە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت پێی گەیشتوونە. (العجرش، 2016، ل.220) (Al-Ajrash, 2016,p. 220)

**پێناسەی ڕێکاری بۆ دەستکەوت:**

ئەو دەستکەتەیە قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە لە شارەزایی و زانیاری دەستیان دەکەوێت و لە کۆتایی یەکە یان وەرزی خوێندن بەدیدەهێنن، بە نمرە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی دەپێورێت، کە توێژەر لەسەر نموونەی توێژینەوە لە کۆتایی ئەزموونەکە جێبەجێی دەکات.

<u>**بەشی دووەم:**</u>

**تەوەری یەکەم: پێشخانی تیۆری:**

**1- گرنگی ستراتیژی پرسیارەکانی کارت:**

1- توانای قوتابییان لەسەر شیکارکردن و هەڵهێنجان و بڕیاردانی ڕاست گەشەپێدەدات.

2- متمانەی قوتابییان بە خۆیان گەشەپێدەدات، توانایان لەسەر دیالۆگ و گفتوگۆ و گوزارشتکردن لە بیرۆکەکان و دید و بۆچوونیان بە ڕوونی پەرەپێدەدات.(الموسوي, 2020, ل.68)(Al-Moussawi,2020 p:68)

3- توانای قوتابییان لەسەر پەیوەندیکردن و گەشەپێدەدات، هەروەها کار لەسەر گەشەپێدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان قوتابییان و نێوان قوتابییان و مامۆستایان گەشەپێدەدات.

4- کار لەسەر شکاندنی بەربەستی ترس و شڵەژان لە بەشداریکردن لەلایی قوتابییانی ئاست لاوازی خوێندن دەکات، هەروەها لەلای قوتابییانی شەرمن، یارمەتییان دەدات لەسەر چاکترکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنیان. (احمد الصبيحي, 2013, ل.22) (Ahmed Al-Subaihi, 2013, p.22)

**2- تایبەتمەندییەکانی ستراتیژی:**

1- قوتابی دەکات بە تەوەری پرۆسەی فێرکردن.

2- هاندانی هەرەوەزی و هەماهەنگی لە نێوان قوتابییان، گیانی بەشداریکردن و کاری بە کۆمەڵ دەورووژێنێت.

3- بوار بۆ قوتابییان دەکاتەوە، لە ڕێگای خستنەڕووی بیرۆکەکان لە نێوان قوتابییان گفتوگۆی زانیارییەکان دەکەن.

4- یارمەتی کاراکردنی ڕۆڵی ئەو قوتابییانە دەدات، تایبەتمەندن بە جوڵەی زیاد، لەبەرئەوەی پێویستی بە جێگۆڕکێ و جوڵەیە لە ژووری پۆل.

5- هاندان لەسەر بیرکردنەوە، بۆ گەیشتن بە وەڵامی ڕاست. (Frank,2003,:84)

**3- هەنگاوەکانی ستراتیژیەکە:**

1- مامۆستا کارتەکان ئامادە دەکات، هەر کارتێك دوو پرسیار و دوو وەڵامی لەخۆگرتووە.

2- کارتەکان بەسەر سەرجەمی قوتابییەکان دابەش دەکرێت.

3- مامۆستا داوا لە هەموو قوتابییەك دەکات لە دوای هاوتایەك بگەڕێت.

4- قوتابی یەکەم دوو پرسیار لە هاوپۆلەکی دەکات.

5- قوتابی دووەم، دوو پرسیار لە هاوپۆلەکەی دەکات. (الشمري, 2006, ل 96)
(Al-Shammari , 2006, p.96)

**چوارەم: دەستکەوت:**

پسپۆڕانی پەروەردە و مامۆستایان گرنگی بە دەستکەوت دەدەن، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیانی خوێندنی قوتابی هەیە، دەستکەوت ئەنجامی ئەوەیە قوتابی لە دەزگای فێرکردن لە پرۆسەی فێر بوونی جۆراوجۆر دەستی دەکەوێت، ئاماژە و جەختکردنە سەر چالاکی ئەقڵیی مەعریفی قوتابی، دەستکەوت واتای بەدیهێنانی بەرزترین ئاستی پێشکەوتن و مەعریفە لەلایەم قوتابی بە خودی خۆی لە زۆربەی قۆناغەکانی ژیان، لە ڕێگای دەستکەوت قوتابی دەتوانێت لە قۆناغی ئێستا بچێت بۆ قۆناغی دواتر، بەردەوامبێت لەسەر دەستکەوتنی مەعریفە. (هلال، 2015، ل. 12)(Hilal ,2015, p.12)

**2- گرنگی دەستکەوتی خوێندن:**

1- دەستکەوتی خوێندن پێگەیەکی دیاری لە ژیانی قوتابییاندا هەیە، لە ڕێگایەوە دەتوانێت:

2- قوتابی فێری گرنگترین شێوازەکانی هەڵسوکەوت ببێت، کە دەتوانێت لەگەڵ تاکەکانی دەوروبەری بگونجێت.

3- بەشداری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی شارستانی دەکات.

4- بڕیار لە ئەنجامی قوتابی دەدات، بۆ پەڕینەوە لە پۆناغێکی فێرکردن بۆ قۆناغی دوای ئەو قۆناغە.

5- زانینی توانای تاك، بە تایبەتی بۆ مامۆستا و تواناکانی. (النمر, 2008, ل. 111)

(Al- Nemer , 2008, p.111)

**تەوەری دووەم : توێژینەوەکانی پێشوو:**

**یەکەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو:**

**- توێژینەوەکانی ستراتیژی پرسیارەکانی کارتییان وەرگرتووە:**

**خشتەی (1)**

**خستنەڕووی توێژینەوەکانی ستراتیژی پرسیارەکانی کارتییان وەرگرتووە**

| ناوی و ساڵی | شوێنی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوە | ڕێبازی توێژینەوە | بابەتی خوێندن | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | ئامرازی توێژینەو | قەبارەی نموونە و | ئامرازی ئامارکردن | ئەنجام |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| 1- الشباني (2010) | عێراق | ئامانجی توێژینەوە زانینی (کارایگەری وانەوتنەوەیە لە ستراتیژی پرسیارەکانی کارت لە بەدەستهێنانی چەمکی زیندەوەرزان گەشەپێدانی ئاراستە ڕووە و ژینگە لای قوتابییانی پۆلی چوارەمی زانستی | ڕێبازی ئەزموونی | بابەتی زانستی زیندەوەرزانی بۆ پۆلی چوارەمی زانستی | ستراتیژی پرسیارەکانی کارت | بەدەستهێنانی چەمکی زیندەوەرزانی و گەشەپێدانی ئارساتە ڕووە و ژینگە | تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکی زیندەوەرزانی وقیاس الاتجاه نحو البيئه | ژمارەی تاکەکانی نموونە (56) ،مێ | تاقیکردنەوەی (t-test) هەروەها چوارلای کای و هەڵگری بەیەکەوە بەستنەوەی پیرسۆن و هاوکێشەی سبیرمان براون و هاوکێشەی سەختی برگەکان و هێزی جیاکاری برگەکان و کارایی شوێنگرەوەی هەڵە | ئەنجامی توێژینەوەکە سەرکەوتنی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە ستراتیژی پرسیارەکانی کارت وانەیان خوێندبوو، بەسەر قوتابیانی کۆمەڵەی |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢- الحلفي (2018) | عێراق | ئامانجی توێژینەوەکە زانینی کاریگەری ستراتیژی پرسیارەکانی کارتە لە گەشەپێدانی کارامەیی خوێندنەوە و بیرکردنەوەی ڕامان لای قوتابیانی پۆلی سێیەمی سەرەتایی | ڕێبازی ئەزموونی | خوێندنەوە بۆ پۆلی سێیەمی سەرەتایی | ستراتیژی پرسیارەکانی کارت | کارامەیی خوێندنەوە و بیرکردنەوەی ڕامان | تاقیکردنەوە بۆ پێوانی کارامەیی خوێندنەوە ومقياس التفكير التأملي | ژمارەی تاکەکانی نموونە (87) مێ و نێر | تاقیکردنەوە (t-test) شێکاری دەرخستنی یەکسانی(كا2 ) ، هاوکێشەی کیورد – ریتشاردسۆن/ 20، هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ، هاوکێشەی بەیەکەوە بەستنەوەی پیرسۆن و | هەبوونی جیاوزی بە بەڵگەی ئاماری لە ئاستی (0،05) لە بەرژەوەندی هەر دوو کۆمەڵەی ئەزموونی |
| ٣- فردوس (2018) | جاکارتا | ئامانجی توێژینەوە دۆزینەوەی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژی پرسیارەکانی کارتە لە فێرکردنی وشەکان لای قوتابییانی قوتابخانەی دار حیکمەی ناوەندی ئیسلامی لە ئامولانج | ڕێبازی ئەزموونی | زمانی عەرەبی بۆ پۆلی حەوتە سەرەتایی | ستراتیژی پرسیارەکانی کارت | ڕێژەی دەستکەوت لە فێربوونی وشەکان | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | ژمارەی تاکەکانی نموونە (٦٣) نێر | تاقیکردنەوەی (t-test ) | سەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونی لەسەر ڕێژەی دەستکەوت لە فێربوونی وشەکان |

**سێیەم: لایەنەکانی سودبینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

1- دەرکەوتنی کێشەی توێژینەوەی ئێستا و ڕەهەندەکانی.

2- دیاریکردنی قەبارەی نموونەکە و هەڵبژاردنی نەخشەی ئەزموونی گونجاو بۆ توێژینەوەی ئێستا.

3- داڕشتنی ئامانجی رەفتاری تایبەت بۆ ناوەرۆکی بابەتی خوێندن.

4- هەڵبژاردنی شێواز و ئامرازی ئاماری گونجاو بۆ چارەسەرکردنی داتاکان.

5- سەرپەرشتیکردن و ڕووانین لە سەرچاوە سەرەکی و لاوەکییەکان و کارکردن لەسەر ڕیزبەندکردنیان و ڕێکخستنی سەرچاوەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە.

6- سودبینین لە ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو، لە پاڵپشتیکردن و ئامادەکردنی توێژینەوەی ئێستا و شرۆڤەکردنی ئەنجامەکان.

## بەشی سێیەم:

**یەکەم: ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژەر بەپێی سروشتی توێژینەوەکەی ڕێبازی ئەزموونی پەیڕەوکردووە.

**دووەم: دیزاینی ئەزموونی:**

توێژەر پشتی بە دیزاینی ئەزموونی کۆنترۆڵکراوی بەشەکی گونجاو بۆ بارودۆخی توێژینەوەی ئێستا بەستووە، داڕێژتنی وەکو لە شێوەی خوارەە دانراوە هاتووە:

| کۆمەڵە | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پشت بەست | ئامرازی تاقیکردنەوە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ستراتیژی پرسیارەکانی کارت | دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ | تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کۆتایی |
| کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | | |

**شێوەی (1)**

**دیزاینی ئەزموونی بۆ توێژینەوەکە**

**سێیەم: کۆمەڵگەی توێژینەوە و نموونەکەی:**

توێژەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای بەغداد کەرخی یەکەمی هەڵبژاردووە، بینی قوتابخانەکانی دابەش بوونە لە نێوان چەند کەرتێك، توێژەر لە نێویاندا کەرتی ئەبو غریبی بە مەبەست هەڵبژارد، بینی قوتابخانەکانی ئەم کەرتە، دەگاتە (25) قوتابخانە، لە نێو ئەو قوتابخانانەی دوو هۆبەی پۆلی چوارەمی ئەدەبی لەخۆدەگرێت، لە خشتەی سەرەوە دانراوە، توێژەر بە ڕێگای هەڕەمەکی• ئامادەیی ئەبی غریبی بۆ کوڕان هەڵبژاردووە، لە کاتی سەردانیکردنی قوتابخانەکە، بە نووسراوی ئاسانکاری ئەرکەکە، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای بەغدا کەرخی یەکەم دەرچووبوو بینی دوو هۆبەی بۆ پۆلی چوارەمی ئەدەبی لەخۆگرتووە، ئەوە دەرفەتی بۆ توێژەر ڕەخساندن ئەزموونەکەی تیادا ئەنجام بدات، هەروەها بینی کارگێڕی قوتابخانە، ئارەزووی هاوکاری لەگەڵ توێژەر لە ئەنجامدانی ئەزموونەکە لە قوتابخانە هەیە (ئامادەیی ئەبو غرێب).

• توێژەر ناوی ئەو قوتابخانانەی نووسی کە دوو هۆبە بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی لەخۆدەگرن، ژمارەیان (14) قوتابخانەبە لە پارچە کاغەزی بچووك، کاغەزی خستە ناو کیسێك، دواتر یەك کاغەزی ڕاکێشا، کە قوتابخانەی ئامادەیی ئەبی غریب بۆ کوڕان بوو.

هەروەها بە ڕێگای ڕاکێشانی هەڕەمەکی• هۆبەی (ب) هەڵبژارد بۆ نواندنی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە قوتابییەکانی ڕووبەڕووی گۆڕاوی سەربەخۆ دەکاتەوە (ستراتیژی پرسیارەکانی کارت) لە کاتی وتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ، هاوکات هۆبەی (ئـ) کۆمەڵەی کۆنتڕۆڵکراو دەنوێنێت، کە قوتابییەکانی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن، بەبێ ڕووبەڕوو بوونەیان بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ.

ژمارەی قوتابییانی هەردوو هۆبەکە گەیشت بە (67) قوتابی، (33) قوتابی لە هۆبەی (ب)، (34) قوتابی لە هۆبەی (ئـ)، دوای دوورخستنەوەی قوتابییە کەوتووەکان لە ساڵی ڕابردوو، ژمارەیان گەیشتە (7) قوتابی، ژمارەی کۆتایی تاکەکانی نموونەیە بوو بە (60) قوتابی، (30) قوتابی لە کۆمەڵەی ئەزموونی، (30) قوتابی لە کۆمەڵەی کۆنتڕۆڵکراو .

**چوارەم: هاوتاکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە:**

١- دەستکەوتی خوێندنی باوکان.

٢- دەستکەوتی خوێندنی دایکان.

٣- نمرەی تاقیکردنەوەی زیرەکی پاشکۆی .

توێژەر داتای لەسەر گۆڕاوە ناوبراوەکان لە کارتی قوتابخانە و تۆماری نمرەکان بە هاوکاری لەگەڵ کارگێری قوتابخانە دەستکەوت، تەنها گۆڕاوی چوارەم نەبێت، هاوکات داتای گۆڕاوی چوارەمی لە ڕێگای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی زیرەکی (ڕاڤن) دەستکەوت، ئەوەی خوارەوە ڕوونکردنەوەی پرۆسەی هاوتاکردنی ئامارییە لە گۆڕاوەکان نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوە.

**١- دەستکەوتی خوێندنی باوکان:**

ئەنجامی داتاکان بە بەکارهێنانی کای دووجا دەریخست، کۆمەڵەکانی توێژینەوەی ئەزموونی و کۆنتڕۆلکراو بە ئامار یەکسانن لە دووبارە بوونەوەی دەستکەوتی خوێندنی باوکان، ئەگەر بەهای (کا$^2$) هەژمارکراو (4.39) بێت، کەمترە لە بەهای (کا$^2$) خشتەیی کە گەیشتووە بە (9.49) لە ئاستی بەڵگەی (0.05) و نمرەی ئازادی (4)، خشتەی (2) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (2)**

**دووبارە بوونەوەی دەستکەوتی خوێندنی باوکی قوتابییان لە کۆمەڵەکانی توێژینەوە و بەهای (کا$^2$) (هەژمارکراو و خشتەیی) و نمرەی ئازاد و ئاستی بەڵگەیی**

| دەستکەوت / کۆمەڵە | قەبارەی نموونە | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگە | کۆلێژ و سەروتر | نمرەی ئازاد | بەهای کا2 | | ئاستی بەڵگەی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |

---

• توێژەر ناوی هۆبەکانی (ئـ ، ب) لە کاغەزی بچووك نووسی، کاغەزی خستە ناو کیسێك، دواتر یەك کاغەزی ڕاکێشا، هۆبەی (ب) دەرچوو، بۆ نواندنی کۆمەڵەی ئەزموونی، هۆبەی (ئـ) مایەوە بۆ نواندنی کۆمەڵەی کۆنتڕۆڵکراو.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئـ | 30 | 5 | 6 | 5 | 6 | 8 | 4 | 4.39 | 9.49 | بێ بەڵگەی ئاماری |
| ك | 30 | 7 | 8 | 5 | 5 | 5 | | | | |

**3- دەستکەوتی خوێندنی دایکان:**

ئەنجامی داتاکان بە بەکارهێنانی (کای دووجا) دەریخست، کۆمەڵەکانی توێژینەوەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بە ئامار یەکسانن لە دوویارە بوونەوەی دەستکەوتی خوێندنی دایکان، ئەگەر بەهای ($کا^2$) هەژمارکراو (3.22) بێت، ئەوە کەمترە لە بەهای ($کا^2$) خشتەیی کە گەیشتووە بە (9.49) لە ئاستی بەڵگەی (0.05) و نمرەی ئازادی (4)، خشتەی (3) ئەوە روون دەکاتەوە.

**خشتەی (3)**

**دووبارە بوونەوەی ئاستی دەستکەوتی دایکی قوتابییانی کۆمەڵەکانی توێژینەوە و بەهای ($کا^2$) (هەژمارکراو و خشتەیی)، نمرەی ئازاد و ئاستی بەڵگە**

| دەستکەوت / کۆمەڵە | قەبارەی نموونە | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگە | کۆلێژ و سەروتر | نمرەی ئازاد | بەهای کا2 هەژمارکراو | بەهای کا2 خشتەیی | ئاستی بەڵگەی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئـ | 30 | 8 | 5 | 6 | 6 | 5 | 4 | 3.22 | 9.49 | بێ بەڵگەی ئاماری |
| ك | 30 | 6 | 5 | 6 | 6 | 7 | | | | |

**4- نمرەکانی تاقیکردنەوەی زیرەکی:**

ناوەندی نمرەی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی زیرەکی گەیشتووە بە (36.48) بۆ کۆمەڵەی ئەزموونی و (33.56) بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، لە کاتی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t–test) بۆ زانینی بەڵگەی جیاوازی، دەرکەوت جیاوازی بە بەڵگەی ئامارە لە ئاستی بەڵگەی (0.05) نییە،ئەگەر بەهای تی هەژمارکراو (1.51)بچووکتر بێت لە بەهای تی خشتەیی (2) بە نمرەی ئازاد (58)، بەڵگەیە لەسەر هاوتاکردنی کۆمەڵەکانی توێژینەوە لەو گۆڕاوە، خشتەی (4) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی (4)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (t–test) بۆ نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی زیرەکی

| کۆمەڵە | ژمارەی تاکەکانی نموونەکە | ناوەندی هەژمارکردن | جیاوازی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تی | | ئاستی بەڵگەی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | 30 | 36.48 | 58.75 | 7 ,66 | 58 | 1.51 | 2 | بێ بەڵگەی ئاماریً |
| کۆنترۆڵکراو | 30 | 33.56 | 50.78 | 7,13 | | | | |

**حەوتەم: داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان:**

توێژەر ئامانجە ڕەفتارییەکانی لەبەر ڕۆشنایی ئامانجە گشتییەکانی زمانی کوردی داڕشتووە، کە ژمارەیان گەیشتە(93) ئامانجی ڕەفتاری خشتەی (10) ئەوە روونکراوەتەوە.

خشتەی (5)

ئامانجی ڕەفتاری بۆ بابەتی ئەزموونی

| ز | بابەتەکان | ئامانجە ڕەفتارییەکان | | | کۆمەڵە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | بەیادهاتنەوە | تێگەیشتن | جێبەجێکردن | |
| 1 | ئەلف و بێ کوردی(پیتە بزوێنەکان و نەبزوێنەکان) | 5 | 4 | 9 | 18 |
| 2 | ناو لە رووی ژمارەوە | 2 | 3 | 5 | 10 |
| 3 | بڕگە | 2 | 4 | 3 | 9 |
| 4 | ئامرازەکانی پرس | 2 | 2 | 8 | 12 |
| 5 | کاری ڕانەبردوو | ١ | ٢ | ٧ | 1٠ |
| 6 | دەمەکانی کاری ڕابردوو | ٣ | ٢ | ٧ | 1٢ |
| 7 | کاری داخوازی | 3 | 2 | 7 | 12 |
| 8 | بەغدا | 2 | 3 | 5 | 10 |
| | کۆی | 2٠ | 22 | 5١ | 9٣ |

**نۆیەم: ئامرازی توێژینەوە (ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوت):**

توێژەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی دارشت لەسەر بنەمای ئامانجە ڕەفتارییە دیاریکراوەکان و ناوەرۆکی بابەتی خوێندن تایبەتمەندە بە ڕاستگۆیی و جێگیری و بابەتی و گونجاو بێت لەگەڵ ئاستی نموونەی توێژینەوەکە، ئەو تاقیکردنەوەیە بە هەنگاوی جێبەجێکردنی پێشوەختە تێپەڕیوە، بەو شێوەیەی خوارەوە:

**ئـ- دیاریکردنی ئامانج لە تاقیکردنەوە:**

تاقیکردنەوەی دەستکەوتی ئێستا دەیەوێت پێوانەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ (ستراتیژی پرسیارەکانی کارت) لە گۆڕاوی بشت بەست (دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ) لای قوتابییانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی بکات.

**ب- ئاستەکانی تاقیکردنەوە:**

توێژەر پابەندە بە پێوانی سێ ئاستی یەکەمی پۆلێنی بلوم (**Bloom**) بۆ بواری مەعریفی (بەیادهاتنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن)، وەکو لە ئامانجی ڕەفتاری دیاریکراوە، کە لە هەشت بابەتەکە دارێژراوە.

**- ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە:**

توێژەر دوو جۆر ڕاستگۆیی بەکارهێناوە، ئەمانەن:

**ئـ- ڕاستگۆیی دیاردەیی:**

بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستگۆیی دیاردەیی تاقیکردنەوە، توێژەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بە شێوەی یەکەم خستە بەردەستی کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆڕانی زمانی کوردی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و زانستی پەروەردە و دەروونی پاشکۆی (5)، بۆ خستنەڕووی دید و بۆچوونیان لەسەر گونجاوی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە، لەسەر ئەو بنەمایە (Eble) ئاماژە بەوە دەکات چاکترین ڕێگا بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی دیاردەیی، ئەوەیە ژمارەیەك لە پسپۆڕان ڕادەی لەخۆگرتنی بڕگەکانی مەبەستە پێوانەی بکەن بخەملێنێت (**EbLe 1972,P555**)، توێژەر پشتی بە ڕێژەی ڕێکەوتنی (80%) یان زیاتر پێوەری بەستووە، بۆ پەسندکردنی بڕگەکە، بە پشت بەستان بەو ڕاستییە، ژمارەیەك لە بڕگەکانی لە ڕووی شێواز یان دارشتنی زمانەوانی ڕاستکردووەتەوە.

**ب- ڕاستگۆیی ناوەرۆك:**

توێژەر بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی ناوەرۆك، دەبێت ناوەرۆکی زانستی پێکهاتبێت لە بابەتەکان و پرۆسە مەعریفییەکان، ئەگەر تاقیکردنەوە ئاستی باڵای لە ناوەرۆکی زانستی بەدیهێنا، ئاماژەیە بۆئەوەی ئەو ناوەرۆکە هەموو ناوەرۆکەکە لەخۆ دەگرێت، کە هەڵدەسەنگێنرێت.

یەکێك لە ئاماژەکانی ڕاستگۆیی ناوەرۆك، ڕۆڵی بونیادنانی خشتەی تایبەتمەندییە (Blue Print) بۆ تاقیکردنەوە (المنيزل وعدنان, 2010, ل. 153)(Al-Manizel and Adnan ,2010, p.153)

**شیکاری ئاماری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوە:**

بۆ شیکارکردنی بڕگەکانی تاقیکردنەوە، توێژەر تاقیکردنەوەکەی لەسەر نموونەیەك جێبەجێکرد، کە پێکهاتبوو لە (١٠٠) قوتابی لە ئامادەیی (المثنى) بۆ کوڕان، دوای ئاگادارکردنەوەی قوتابییەکان

پێش هەفتەیەك لە كاتی تاقیكردنەوەكە، ئەو قەبارەیە لە دیدی (Nuannally) بە گونجاو دادەنرێت، كە پێشنیار دەكات، قەبارەی نموونەكە شیكاری بڕگەكان لە نێوان (5- 10) تاك لە هەر بڕگەیەك لە بڕگەكانی پێوانەكردن دەكات، بۆ كەمكردنەوەی كاریگەری ڕێككەوت.(Nuannally,1974, 262 P:), دوای ڕاست و هەڵەكردنی وەڵامی نموونەكە لەسەر تاقیكردنەوەكە، ژمارەكەی گەیشتە (100) وەڵام، توێژەر نمرەكانی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ریزبەندكرد، ڕێژەی (27%) لە قوتابییانی كۆمەڵەی باڵا هەڵبژارد، ئەو نموونەیە بەرزترین نمرەیان بەدەست هێنا، هەروەها ڕێژەی (27%) لە قوتابییانی كۆمەڵەی نزم، نموونەی ئەو قوتابییانە بوو نزمترین نمرەیان بەدەستهێنا بوو، ژمارەی قوتابییانی هەردوو كۆمەڵەكە گەیشتە (54) قوتابی، دواتر توێژەر ئەو تایبەتمەندیانەی دەرهێنا:

**ئـ- هاوكۆلكەی گرانی:**

لە كاتی هەژماركردنی گرانی هەر بڕگەیەك لە بڕگەكانی تاقیكردنەوە، بینی گرانی بڕگە بابەتییەكان كەوتوونە نیوان (0.3٥) و (٧٠.٠)، واتا سەرجەم هاوكۆلكەی گرانی پەسندن، بلوم (Bloom) ئاماژە بەوە دەكات، بڕگەكان بە باش و گونجاو بۆ تاقیكردنەوە دادەنرێن، ئەگەر لە نێوان (0.20 – 0.80) (Bloom, 1971,p. 168)، لەسەر ئەو بنەمایە سەرجەم بڕگەكانی تاقیكردنەوە پەسندكران، خشتەی (12) ئەوە دەخاتەڕوو.

**ب- هێزی جیاكاری بڕگەكان:** دوای ئەوەی توێژەر هێزی جیاكاری هەر بڕگەیەك لە بڕگەكانی هەژماركرد، بینی هێزی جیاكاری بڕگە بابەتییەكان كەوتوونە نێوان ( 0,٣٣) و (0,70)، واتا دەركەوت سەرجەم بڕگەكانی تاقیكردنەوە هێزی جیاكاری پەسندیان هەیە.

**پ- كارایی شوێنگرەوەی هەڵەكان:** مەبەست لە شوێنگرەوەی هەڵە، جێگیركردنی وریایی قوتابییانی نەزانە، بۆئەوەی بگەن بە وەڵامی ڕاست لە ڕێگای ڕێكەوت (العجيلي, 2001, ل. 71)

(Al-Ajili, 2001, p.71)

دوای هەژماركردنی كارایی شوینگرەوەی هەڵە، بینی سەرجەمی شوێنگرەوە هەڵەكان ئەرێنییە، بەو شێوەیە سەرنجڕاكێشانی ژمارەیەك لە قوتابییانی كۆمەڵەی نزمی لەدەستداوە، كە ژمارەكە زیاترە لە قوتابییانی كۆمەڵەی باڵا، بەوشێوەیە شوێنگروەكان وەكو خۆیان مانەوە.

**ت- جێگیری تاقیكردنەوە (Test Reliability):** هاوكێشەی بەیەكەوە بەستنەوە گەیشتووە بە (0.81)، هەروەها توێژەر بەهای دەرهاتووی بە هاوكێشەی سبیرمان – براون ڕاستكردەوە، بەهای جێگیری گەیشتووە بە (0.90)، ئەوە ئاماژەیە لەسەر هاوكێشەی جێگیری تاقیكردنەوەی زۆر باش.

**دەیەم: ئامارزی ئاماری:**

توێژەر ئەو ئامرازەی ئاماركردنی لە ڕێكارەكانی توێژینەوەكەی و شیكاركردنی ئەنجامەكان بەكارهێناوە:

**1- تاقیكردنەوەی تائی (T–test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ:**

(البياتي, 1977,ل. 260)( Al-Bayati ,1977, p.260 )

**2- تاقیکردنەوەی (کا2) کای دووجا:**

3- هاوکێشەی بەیەکەوە بەستنەوەی پیرسۆن (**Pearson**) :

(البياتي, 1977, ل. 183)( Al-Bayati ,1977, p.183 )

**4- هاوکێشەی جیاکاری بڕگەکان:**

**5- هاوکێشەی گرانی بڕگەکان (Item Difficulty):**

(الكبيسي, 2007,ل. 180) (Al-Kubaisi, 2007, p.180 )

**٦- کارایی شوێنگرەوەی هەڵە:**

(الظاهر, 1999,ل. 91) (Al–Zahir, 1999, p.91 )

**7- هاوکێشەی سبیرمان – براون:**

**<u>بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان و ڕاڤەکردنیان</u>**

**یەکەم : خستنەڕووی ئەنجامەکان**

**بۆ دڵنیابوونەوە لە گریمانەی سفریی کە دەڵێت :**

لە دوای ژماردنی ناوەندی نمرەکانی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەکە لە تاقیکردنەوی دەستکەوتداو و دەرکردنی جیاوازی نێوانیان خشتەی ( 6) ڕوونی دەکەنەوە .

**خشتەی ( 6)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تی ( t-test) بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە کۆتا تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا**

| کۆمەڵە | ژمارەی قوتابیان | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی | نمرەی ئازادی | بەهای( تی ) ژمێرداو | بەهای( تی ) خشتەیی | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٣٠ | 23,06 | 24,33 | 58 | 2,652 | 2 | بەڵگە دارە لەسەر ئاستی 0,05 |
| کۆنترۆڵ کراو | ٣٠ | **19,16** | **40,5٦** | | | | |

خشتەی ( 6) ڕوونی دەکاتەوە کە ناوەندی نمرەکانی دەستکەوتی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی (23,06) بە جیاوازی (24,33) لە کاتێکدا کە ناوەندی نمرەکانی دەستکەوتی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (**19,16**) نمرەیە ، بە جیاوازی (**40,56**) ، دەرکەوت کە ناوەندی نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی بەرزتر بوو لە ناوەندی نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردی ، بۆ توێژەریش ڕوون بوویەوە کە جیاوازی نێوانیان بەڵگەدار بوو لەسەر ئاستی بەڵگەی ( ٠,٠٥ ) و بەنمرەی ئازادی ( ٥٨) بەم شێوەیەش گریمانەی سفریی ڕەت دەکرێتەوە ، و ئەم جیاوازییەش بەسەرکەوتنی کۆمەڵەی ئەزموونییە ،هەروەها ئاماژە بۆ کاریگەری ئەم ستراتیژیەتە دەکات لەسەر دەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەی کوردیی نوێ ، بەمەبەستی پێوانەکردنی قەبارەی کاریگەری کە ڕەنگدانەوەی لەسەر گۆڕاوی سەربەخۆ هەیە توێژەر بەمەبەست قەبارەی کاریگەریی ژمارد بە بەکارهێنانی هاوکێشەی تایبەت بە پێوانەی قەبارە ، چونکە قەبارەی کاریگەری پێوانەی هێزی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی نێو توێژینەوەکە دەکات ، بەواتا قەبارەی کاریگەری بەڵگەیە بۆ ڕادەی گرنگی ئەنجامی توێژینەوەکە وەک هێزی پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو یان کۆڕانکاری دەرئەنجامی دەستێوەردانی گۆڕاوی سەربەخۆ لە گۆڕاوی پاشکۆ بە بەکارهێنانی یەکێک لە پێوەرەکانی پێوانی قەبارەی کاریگەری لە ڕووی ئامارەوە بە پێی نموونەی توێژینەوەکە (عبد المجيد، ٢٠٠٤, ل. ١٥- ٥٣) بۆ پێوانەی قەبارەی کاریگەری ستراتیژییەتی پرسیارەکانی کارت توێژەر بەهای قەبارەی کاریگەیی ( d) ژمارد وەک لە خشتەی (7)

**خشتەی ( 7)**

**بەهای قەبارەی کاریگەری ( d)**

| **گۆڕاوی سەربەخۆ** | **گۆڕاوی پشت بەست** | **بەهای(d )** | **ڕادەی قەبارەی کاریگەری** |
|---|---|---|---|
| ستراتیژییەتی پرسیارەکانی کارت | دەستکەوت | 0.75 | گەورە |

قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆی دەستکەوت ( ٠.٧٥ ) کە بەهایەکی کاریگەرە بە پێی پێوەری ( Cohen,1988) بۆ قەبارەی کاریگەری ئاماژە بۆ کراو (Heiman,2011,p.281 ) لە خشتەی ( 8)

**خشتەی ( 8)**

**بەهای قەبارەی کاریگەری ( d) و بڕی کاریگەرییەکەی**

| **بەهای(d)** | **بڕی کاریگەریی** |
|---|---|
| **0,2** | **بچووک** |
| **0,5** | **ناوەند** |
| **0,8 بەسەرەوە** | **گەورە** |

**دووەم : ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان**

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بۆ سەرکەوتنی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی دەکەن کە بە پێی ستراتیژییەتی پرسیارەکانی کارت وانەیان پێ وترایەوە بەسەر قوتابیانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە پێی ڕێگای ئاسای وانەیان پێ وترایەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا ، بە ڕای توێژەر دەکرێت هۆکاری ئەم سەرکەوتنەش بۆ یەکێک یان زیاتر لە ئەم هۆکارانە بگەڕێتەوە :

1- ستراتیژییەتی پرسیارەکانی کارت رۆڵی هەبوو لە پشت بەستنی قوتابیان ، چونکە خستنەڕووی بابەتەکە بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش پشت بەخۆ بەستنی قوتابین زیاد دەکات بۆ بەشداریکردنی ئەرێنی و کارا .

2- هەمە ڕەنگی لە هەنگاوە نوێیەکانی ستراتیژییەتی پرسیارەکانی کارت ، سەرەڕای بوونی دیالۆگ و ئاوێتە بوون وبیر و ڕا گۆڕینەوە ، وای کرد کە ئەزبەرکردن کەمتر بکاتەوە و زیاترتێبگەن لە بابەتەکە و ودەستکەوتیان بەرز بێتەوە .

3- ستراتیژییەتی پرسیارەکانی کارت هاندەری قوتابیان بۆ فێربوون بوو ئەمە هاوکاریان بوو بۆ گەیشتن بە ئاستی بەرزتر لە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی قووڵتر وەک لە ئەزبەرکردن و بیرکەوتنەوە کە تەنها قەتیس بووە لە وەرگرتنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی کاتی .

**سێیەم : دەرئەنجامەکان :**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر بە ئەم دەرئەنجامانە گەیشت :

1- قوتابیانی پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردی نوێ پێویستییان بە ڕێگاو و ستراتیژییەتی وانەوتنەوەی نوێییە .

2- بەکارهینانی ستراتیژیەتی پرسیارەکانی کارت بە شێوەیەکی کارا بەشداری لە پێشخستن و پەرپێدانی کاراماییە زمانەوانییەکان دەکات .

**چوارەم : ڕاسپاردەکان**

لەبەر ڕۆشنای ئەنجامی توێژینەوەکە توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو:

1- ڕێنمایی کردنی مامۆستایانی زمانی کوردی بە گرنگی بەکارهێنانی ستراتیژییەتی پرسیارەکانی کارت بۆ ئەو رۆڵەی هەیەتی لە گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابیان .

2- گرنگی کردنەوەی خولی ڕاهێنان و گەشەپێدان و شیاندن بۆ دەستەی فێرکاری و مامۆستایان بۆ ئاشنا کردنیان بە ستراتیژییەتە نوێیەکان و لە نێویاندا ستراتیژییەتی پرسیارەکانی کارت بەمەبەستی جێبەجێکردنی لە بواری فێرکردن .

**پێنجەم : پێشنیازەکان**

وەک تەواوکەرێک بۆ ئەم توێژینەوەیە توێژەر پێشنیازی ئەم توێژینەوانە دەکات :

1- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بۆ زانینی کاریگەری ستراتیژییەتی پرسیارەکانی کارت لە گۆڕاوی دیکەی وەک بیرکردنەوەی داهێنەرانە و بەهرەمەندانە و ئاراستەکانی قوتابیان بۆ بابەتی زمانی کوردی وهەروەها مەیلەکانیان .

2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لە نیوان ستراتیژییەتی پرسیارەکانی کارت و ستراتیژییەتێکی نوێی دیکە بۆ زانینی کارایی هەریەکەیان لە وانەوتنەوەی بابەتەکانی زمانی کوردی بەراورد بە ڕێگای ئاسایی .

## سەرچاوەکان بەزمانی کوردی

1. زەرگووشی . عەلاحەبیب لەتیف (٢٠٢٢) ***کرفتەکانی فێرکردنی ئەلیکترونی لە وانەوتنەوەی بابەتی زمانی و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە.ڕێگەکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی***. (نامە ماستەری بڵاونەکراوی). زانکۆی بەغداد.
2. **ئەلکیلابی, سەبا عیسا فەرەج (2022)** *کاریگەری ستراتیژیەتی ڕافت (RAFT )لە سەردەستکەوتی بابەتی خوێندنەوەو ئەدەبی کوردی لای فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی. (نامە ماستەری بڵاونەکراوی). زانکۆی بەغداد.*

سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی

1. ابراهيم، مجدي عزيز (2009).***معجم المصطلحات ومفاهيم التعليم والتعلم*** .عالم الكتب للنشر والتوزيع .
2. احمد، مهاباد عبد الكريم (2002).***بناء برنامج لعلاج الضعف القرائي لدى طلبة الصف الرابع الاعدادي من غير الناطقين باللغة الكردية في القراءة الجهرية***.(أطروحة دكتوراه غير منشوره) كلية التربية ابن الرشد.جامعة بغداد.
3. احمد ,مهاباد عبد الكريم (2021).***أثر استراتيجية رافت في تحصيل طالبات الصف الرابع الادبي في مادة قواعد اللغة الكردية وميولهن نحو المادة*** , مجلة كلية التربية ,ع 42 , جامعة واسط , (437 -502 )
4. البياتي، عبد الجبار توفيق. وزكريا، زكي اثناسيوس(1977م ). ***الاحصاء الوصفي والاستدلالي في التربية وعلم النفس***. مطبعة مؤسسة الثقافة العمالية.
5. الحلفي، انتصار عودة موسى (2018).***اثر استراتيجية اسئلة البطاقات واللوحات المعلقة في تنمية المهارات والقراءة والتفكير التأملي عند التلاميذ الصف الثالث الابتدائي*** . (أطروحة دكتوراه غير منشورة كلية التربية) .ابن الرشد للعلوم الانسانيه .جامعة بغداد.
6. زاير، سعد علي .ورائد رسم يونس .(2012).***اللغة العربية مناهجها وطرائق تدريسها***. دار المرتضى للطباعة والنشر.
7. الشباني، هدى صباح مالك (2010). ***فاعلية التدريس باستراتيجية البيت الدائري في اكتساب المفاهيم الأحيائية وتنمية الاتجاه نحو البيئة لدى طالبات الصف الرابع العلمي*** (ماجستير غير منشورة) .كلية التربية .جامعة القادسية.
8. الظاهر، زكري حمد وآخرون(1999م). ***مبادئ القياس والتقويم في التربية*** . مكتبة دار الثقافة للنشر والتوزيع .
9. عبيد، كوثر جاسم(2020). *أثر استراتيجيتي ورقة الدقيقة الواحدة وجيكسو المطورة في تحصيل مادة قواعد اللغة الكردية والتفكير الاستدلالي عند طلبة كلية التربية ابن رشد*". **مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية والاجتماعية**، العدد (٤)، المجلد(٥٩)، ٢٨٣-٣٠٢
10. العجرش، حيدر حاتم فالح (2016).***اثر استخدام استراتيجية شكل البيت الدائري في تحصيل مادة التاريخ العربي الإسلامي عند طلاب الصف الثاني المتوسط*** .مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والإنسانية .العدد ٢٦.جامعة بابل .كلية التربية .جامعة بابل.
11. العجيلي، صباح حسين وآخرون(2001). ***مبادئ القياس والتقويم التربوي***. مكتب احمد الدباغ.
12. علي، ژيان عبد الكريم (2017). ***أثر استراتيجية النشاط المباشر للقراءة في الفهم القرائي عند تلامذة الصف الخامس الاساسي***. مجلة الاداب ،العدد(1)، المجلد (47).
13. علي,ژيان عبد إلكريم (٢٠١٩),***اثر استراتيجية (كن يقظاً) في الفهم الفهم القرائي عند طلبة المرحلة الثانية في قسم اللغة الكردية ,*** جامعة بغداد, كلية تربية ابن رشد للعلوم الانسانية.

14. الكبيسي، عبد الواحد حميد(2007). ***القياس والتقويم (تجريدات ومناقشات)***. دار جرير.
15. المنيزل ، عبد الله فلاح وعدنان، موسى غرايبة(2010). ***الإحصاء التربوي تطبيقات باستخدام الرزم الإحصائية للعلوم الاجتماعية*** , ط4, دار المسيرة.
16. النمر، عصام (2008).***القياس والتقويم في التربية الخاصة*** .الطبعة العربية .دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع .
17. الموسوي,زينب محمد صابر (٢٠٢٠),**اثر استراتيجية (تخيل ,نظم ,ركز, شارك,انشر )في تحصيل مادة الاجتماعيات عند تلميذات الصف الرابع الابتدائي_** ,(رسالة ماجستير غير منشورة ),جامعة بغداد,كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية .
18. هلال، هبه عدنان (2015).***اثر استخدام حقيبة تعليمية حاسوبية في التحصيل الدراسي والاتجاهات نحو مادة العلوم لدى تلامذة الصف الرابع من مرحلة التعليم الأساسي*** .(رسالة ماجستير غير منشورة)كلية التربية .جامعة حلب.

## سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی

1. Bloom. (1971) .**Hand book On Formative & Summative evaluation Of Student learnim**. Mc Grow-Hill.
2. frank . Edward.(2003). **teaching faster.readihg** . amahual. Cambriday .Thy uhirersity press.
3. Ebel. Robert. L. (1972).**Essentials of Educational measurement. 2nd ed. Englewood cliffs**. W.J. prontiec hall.
4. Nunniy. JG. (1974).**Psychometric theory** / New york.